# کوردستان له ئۆردوگا دەچێت
# نەک کۆمەڵگا!

**حەمەغەفور**
hamaxafoer@yahoo.com

بەگوێرەی ئەو تابلۆیە بێت کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی کوردی کۆمەڵی کوردستانی لێوە نیشانیئەدەن، کوردستان فیردەوسی بەرینەو خەڵک لە بێوەفاییانەوەیە هێشتا ناڕازینو ئەڕژێنە سەنتەری شارەکانو ئاژاوەئەنێنەوە! بەڵام ناوبردنی نارەزایەتی جەماوەرو لە پێشیانەوە گەنجانو داواکردنی مافو خواستەکانیان بەشێوازێکی شارستانی، بە "سپڵەیو بێوەفایی سەگ" وەکو پریزیدێنت پارێزەر جلال تاڵەبانی وە سەرۆکی ڕاگەیاندنی ناوەندی پارتی، سەرۆقادر لە لێدوانەکانیاندا بێحەوسەڵەیی خۆیان لە بەرامبەر خەڵکیدا نیشاندا، پووچی ئەم ئیدیعایانەو دووریی ئەم بەهەشتە لە ڕاستییەوە بەباشترین شێوە ئەخاتەڕوو.

لەکوێ دەتوانرێ ئۆردوگایەکی ئاوارەیی، یا کەمپێکی چاوەڕووانی لێقەوماوان بە پارادایس بخەمڵێنرێ! ئەم شەهامەتە بەتەنها لە سەرانو ڕابەرانی جووڵانەوەی کوردایەتی ئەوەشێتەوە! کوردستان حەڤدە ساڵی ڕەبەقە بە هێڵی درکاوی 34و36 تەنراوەو لەڕێگای کۆمەکو یارمەتیو دابەشکردنی خواردنو دەرمانی (یوئێن)و ڕێکخراوەکانی (ئێنجی ئۆ)کانەوە ژیان ئەگوزەرێنێ. دوای ئەو ماوە زۆرەش هێشتا دیارنییە چارەنووسی ئەم کەمپە چاوەڕووانییە چۆن دەبێ. شەرمەزاری نییە کەسێک بێتو ئەم ئۆردوگا زۆرەملێیە ناو بنێیت کۆمەڵگا، چجای فیردەوس!؟

ئەگەر لەوانە ببوێرینو بچین سەرنجی لایەنە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەو دەزگاو دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو حکومەت، ئیدارەو قەزاو پەروەردەو خوێندن، زانکۆکانو کەرتی تەندروستیو بەرهەمهێنان، خزمەتگوزارییەکان، ئاوو کارەباو ڕێگاو بانو داوودەرمانو..تد بدەین، سەرنجی مافو ئازادییەکانی خەڵک بدەین، لە شێوازی دابەشکردنی بودجەو داهات ووردبینەوە، بڕوانینە پەیوەندی خەڵکو دەسەڵات، خەڵکو حیزبەکان، جەماوەرو چۆنێتی مواخەلەیان بەسەر ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئێستاو ئاییندەیانەوە، سەرلەبەری ئەم دیاردانە مۆرکی ئۆردوگایان بەسەرەوەیەو بێگومان ئینسانو کۆمەڵگا بەبێ فەراهەمبوونی لانیکەمی ئەم شتانە بۆیان، ئیتر ئەکەونە دۆخی ژیانی هەوارنشینیو قەبیلەییەوەو باسێک لە ژیانی ئەمڕۆژی ناکرێت! ئەم لانیکەمی پاشماوەی شارستانییە کە لە ڕژێمی بەعسیی بەجێماوە، جگە لە کۆشکو تەلاری فیرعەونەکانی حیزبە کوردییەکان، هیچی تری بۆ زیادنەکراوە. ئەمە قسەو لێکدانەوەی خەڵکە.

پێموایە بەڕێز د. زریان عوسمان وەزیری تەندرووستی حکومەتی هەرێم، ئەم کەناڵە حەیاتییەی کۆمەڵی کوردستان لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆژنامەی (ئاوێنە)دا، بە جوانترین شێوە وەسفو بەیان ئەکات ئەکرێ بکرێتە بەڵگەیەکی مەلموس بۆ قسەکانم؛ [ئاوێنە: جارێک با بپرسین، بارودۆخی تەندروستی هەرێم چۆنەو لەچیدایە، چونکە زۆرجار باس لەباشکردنی ئەم سیستەمەدەکرێت؟ د.زریان: **<u>کوردستان بە شێوەیەکی گشتیو بەتایبەت لەڕووی تەندروستییەوە وێرانەیە</u>**، لە شارێکی وەکو هەولێر، دواین نەخۆشخانە کە دروست کرابێت 25ساڵ بەر لە ئێستابووە، تاکو ئێستاش بەردەوامە لە خزمەتکردن. سەدام نەخۆشخانەی لە سلێمانیو نەجەف هەر دروستنەکرد، چونکە زۆر رقی لەو دوو شارە بوو. بەم پێیەش ئێمە بناغەی تەندروستیمان زۆر کۆنە،..].

له بەشێکی تری ئەو چاوپێکەوتنەدا ئەڵێ؛ [ئەوەندەی جگەرە خەڵک لە وڵاتی ئێمە دەکوژێ، نەخواردنی ئێکسپایەر نەدەرمانی ئێکسپایەر نە شەڕی براکوژی خەڵکی نە کوشتووە، 50%ی پیاوانی ئێمە جگەرە دەکێشن، کە تەمەنی پیاوان 51ساڵەو هی ژنان 59 ساڵە، کە حەقە ئێمە شەرم لەم ژمارەیە بکەین].

دیاردەی هەلکشانی جگەرەکێشانیش پەیوەستە بەم کەمپی لێقەوماوانەوە. بەڵام پێتان چۆنە وەزیری تەندرووستی بەرێز خۆی باسی (خواردنی ئێکسپایەرو دەرمانی ئێکسپایەر)دەکات! ئەمیش بەڵگەیەکی دیکەی ژیانی ئۆردوگاییە. لە کوردستان لەگەڵ داکشانی رێزو حورمەتی ئینسان‌دا تەمەنیشیان دادەکشێت! دیاردەی ئینتیحارو خۆکوشتن زیادیکردووە. ئەم ژیانە پرکارەساتە کەی دوایی دێت!؟

ئەگەر گوێبگرین لە وەزیری خوێندنو پەروەردەو زانکۆکان، دەبێ چۆن وەسفی ژیانی خوێندکاران بکات کاتێک توالێت بووبێتە شوێنی چێشتخانەو لەجیاتی شوێنی حەوانەوە شەو لە مزگەوتەکاندا رۆژبکەنەوە! یا مەرگەساتو تراژیدیای شارەوانییەکانو ئاوو ئاوەرۆو ڕێگاو بانەکان کێ لێی بەرپرسیارە! سکچوونو ڕشانەوەو کۆلێرا لەجیهاندا بەوە ناسراوە کە لە کەمپو ئۆردوگاکاندا سەرهەڵدەدەن!! یاخود سلکی ووزەو کارەباو سووتەمەنی چۆن لێکدەینەوە؟ ئەوە با ڕەشەکوژی ژنان، ئازاردانو ووردکردنی کەسایەتی منالان، بێدەرەتانیی پیرو پەککەوتەو بەساڵاچووان کە درامایەکی دیکەیەو باسکردنی جەرگبڕە با بوەستێ.

دەمی هەر کەس ئەکرێتەوە باسی دزیو فزیو تالانچێتی داروەدەستەی حیزبەکانی دەسەڵاتدارت بۆ ئەکات. سەیری هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندنیش دەکەیت باسی تەجروبەی دیموکراسیو بەرقەراری ئەمنو ئاسایشو ئازادیەکانو مافی مرۆڤو ئەم شتانە ئەبیسیت. خەڵکی کوردستان لەم ژیانە ئۆردوگاییە پەستو ناڕازینو خوازیارن کۆتاییبێت. بەڵام بۆ مافو پێویستیو خواستە ڕۆژانەکانیان، بۆ ناچارکردنی ئەم دەسەڵاتە بە وەڵامدانەوەی داواکاریو ناڕەزایەتییەکانیان ڕێگای تر نییە جگە لە خۆپیشاندانو ڕێپێوانو بەردبارانکردنی ئەم حکومەتو دامودەزگایە.

شەپۆلێکی گەورەو بەرفراوان لە تەقینەوەی ناڕەزایەتییەکانی جەماوەری ستەمدیدەو بەشمەینەتی کوردستان بەڕێوەیە. لە هەموو لایەکەوە هووشداری ئەدرێ یان دراوە. ئەم خرۆشانە جەماوەریو سەرتاسەرییە ناکرێ وەکو ڕابردوو بدرێتە بەر دەسڕێژی فیشەکی کوردایەتیو بۆ دەورەیەکی تر کپبکرێتەوە. جەماوەری کوردستان دەبێ داوای کۆتایی ئەم ئۆردوگایە بکەن. داوای ڕیفراندۆمێک بکەن بۆ دەنگدان لەسەر جیابوونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتی یاساو ئۆرگانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. ئەمەی ئێستا دەسەڵاتی میلیشیاییە بۆ ڕاگرتنو کۆنترۆڵکردنی ئەم کەمپە چاوەڕووانییە. خەڵکی کوردستان نایانەوێ هەتاهەتایە لە ئۆردوگادا بن. وڵاتێکی سەربەخۆو دەوڵەتی یاساو هەڵبژێردراوی خۆیان دەوێ. خەباتو قوربانیدانی ئەم خەڵکە لەپێناوی ڕزگاریو سەربەخۆییدا بوو، نەک لە پێناوی ژیانی ناو کەمپو ئۆردوگا.

2008/6/23